سۆهراب سپێهریی

وەرگێر:  حەسەن ئەییوبزادە

# پەیامێکی بەرێوە

ڕۆژێک

دیم و پەیامێک دێنم

ڕەگ تیشکاژن دەکەم

بەدەنگی بەرز قاودەکەم : ئەی هەموو قەرتاڵەتان تەژی لەخەو! سیوم هاوردووە ,

سیوی سووری خۆر

دێم , گوڵە یاسێ دەدەمە دەستی دەروزەکەرێ

بۆ ژنە جوانکیلە گولەکە گووارە بە دیاری دێنم

بە کوێرە دەلێم : سەیری باخ , تیاح کە خۆشە!

دەبمە چەرچی بە هەموو کۆلانێک دا

جاڕ دەدەم : وەرا شەونم , ئاونگ, ئاونگ.

ریبوار دەلێ : بە ڕاست شەویکی ئەنگوستەچاوە

کەهکەشانی ڕۆژ و ستێرکی دەدەمێ

کیژۆڵەیەک لە سەر ئەو پردە لاقی نییە, ئەستیرە ورچنەکە

لەملی ئەودەکەم

هەموو دژوتەیەک لە لیوان دا قەتیس دەکەم, هەموو دیواریک دەڕمێنم

بە ریگران دەلێم:

کاروانێک دێ بارەکەی بزەیە!

هەوران دەرەوێنم

چاوان بە خۆرەتاوەوە دەلکێنم , دڵ بە ئەوینەوە دەنووسێنم

نسێ و ئاو, لکی دار و با لێک گرێ دەدەم.

خەوی زارۆک و زریوە و سیرەی سیسرەو

بادەوە لەگەڵ خۆم بەرەو عەزمان دەبەم

گوڵدانان بە ئاو دەرشێنم

دیمە لای هەسپ و چێڵ, گیای سەوزی لاواندنەوەیان **دەدەمێ**

بو ئیستری دوڵچەیەک ئاونکَ دینم

پیرەکەرێ بەریوەیە, مێشەکانی دەرەوێنم

دیم و لەسەر هەر دیواریک گوڵی مێخەک دەچەقێنم

لە داوینی هەر پەنجەرەیەک شێعریک دەخوینمەوە

داربەروویەک دەدەمە هەر قاڵاویک

بە مار دەڵیم: تیاح چ شکودارە قورواق!

ئاشتیان دەکەمەوە

پێکیان دەناسێنم

وەرێدەکەوم, نور هەڵدەمژم, خۆشەویستیی دەگرمە پێش

شاعیر: سۆهراب سپێهریی    وەرگێر: حەسەن ئەیوبزادە    **10.10.2002**

سوهراب سپێهریی

## خشپەی پیی ئاو

خەڵکی کاشانم

رۆژگارم نەخراپە

پاروەنانێکم هەیە, لەتکە هۆشێک و سەریدەرزی زەوقێ

هەمە دایکێک , باشتر لەگەڵای دار.

دوستگەلێ باشتر لە ئاوی رەوان.

خوایەک کە لەو دەور و بەرەیە:

لە نێوانی شەوبۆ , ژێری ئەو بەڕووە بڵیندە.

لەسەروی زانایی ئاو, لە سەروی قانوونی رووەک.

من موسوڵمانم

سوژدەگام سوورەگوڵە, کانیاوم مزگەتە, بەردەمۆرەم نوورە.

بەرماڵم دەشت.

دەستنمێژم بە لەرەی پەنجەرەکان دەگرم.

لەگەڕە مانگ لە نویژمدا, نوور دێ و دەچێ

بەرد لە پشتی نویژمەوە خوویا:

گەردی نویژم شەوق ئەدا چەشنی بلور.

کاتی نویژم ئەو کاتە

سروه بانگی له چڵوکی سەرەوەی سەرو دابێ

نویژەکەم, پشتی"تکبیرەالاحرام"ی ڕوەک دەخوێنم

پاشی " قد قامت "ی پێل.

کابەکەم له لێواری ئاوه

له ژێر داری ئەقاقی دایه

وەکو سروه , دەخوشێ **باخ** به **باخ**, رادەبرێ شاربەشار

روناهیی باخچەیه"حجرالاسود" ی من

خەلکی کاشانم

پیشەمه نیگارکێشان

رکەیەک دادەڕێژم به رەنگَ جاروبار, به ئێوەی دەفرۆشم.

تا به دەنگی گوڵه مێلاقه که زیندانییه تێیدا

دڵی تەنیایی یه که و شاد بکەم

چ خەیاڵێ , چ خەیاڵێ , من دەزانم

وێنەکەم بێ گیانه.

باش دەزانم گۆلی نەخشاوی بێ ماسییه

خەڵکی کاشانم.

رەسەنم رەنگه بگاته

بنه گیایەکی هیند , سواڵەتێ له گڵ و خۆڵی" سیلک"

رەسەنم رەنگه بگاته ژنەخۆفرۆشێک لەبوخارا.

باوی من پاشی دوو جار هاتنی پەڕەسێلکه, دوابەدوای دوو زستان,

پاشی دوو نووستنی ژێرتریفەی مانگَ,

باوی من لەو بەری کات گیانی دا

عەزمان کەوەیی بوو کاتێ کە مرد.

بێ خەبەر, لە خەوێ راپەری دایکم , خوشکم گەش داگیرسا

پاسەوانان هەموو شاعیر بوون کاتێ کە باوکم مرد.

چەند مەنت کاڵەک گەرەکە بەققاڵ پرسی؟

منیش لێم پرسی: دڵی خۆش چەندی بە چەند؟

نەخشگەربوو باوی من

تارژەن بوو, چێکری تاریش بوو.

خەتی خۆش بوو.

باخی مە لە بەری سێبەری زانایی بوو.

باخی مە ژوانگەیی هەست و ڕووەک,

باخی مە شوێنی تێک ئاڵقانی نیگا و رکە و ئاوێنە بوو.

باخی مە گەوێک بازنەی کەسکی بەختەوەری بوو

میوەی کاڵی خودام ئەو کاتە لە خەودا دەکرۆژت.

ئاوی بێ فەلسەفە بوو خواردنەوەکەم.

تووی بێ زانستم دەچنی.

هەر کە هەناریک قەڵەشیبا

دەست دەبووە فارەی تکا

تا مەلێ بیخوێندایە سینگَ لە شادیی گری ئا گڕ بوو.

کاتی تەنیایی ڕومەتی  چەسپی پەنجەرەبوو.

شۆق دەهات, دەستی لەملی هەست وەردێنا.

بیر , یاری دەکرد,

ژین تشتێک بوو, وەکوو بارینی جێژن, یەک چناری پڕی سێرو.

ژینی ئەو کاتە ریزی نور و بووکەڵە بوو.

باوەشێک ئازادی بوو. ژینی ئەو کاتە گۆلی موسیقا بوو.

نەرم بە دڵی کوچەی پوشکە بە قوونا ڕۆ چوو زارو

باری خۆم بەست ,  شاری خەیاڵم جێ هێشت هێدی

دڵ لە غەریبیی پووش بە قوونە کەیل

چوومە میوانیی جیهان

چومە گۆڕایی خەم

چوومە باخی زانایی

چوومە هەیوانی چراخانی زانست

من لە پەیژەی ئایین سەرکەوتم

تا بنی کۆڵانی ڕاڕایی

تا هەوای فێنکی بێ نیازیی,

تا شەوی شێداری حەزکردن چووم.

چوومە دیداری کەسێک لەو سەری عیشق

چووم و چووم تا ژن,

تا چرای خۆشیی ,

تا بێدەنگیی رجا ,

تا دەنگی پڕی تەنیایی

تشتگەلم دی لە زەوی‌دا :

کورپەڵەم دی , بۆی دەکرد بە مانگەوە.

قەوەزی بێ دەرگەم دی کە روناکیی تێیدا باڵەفڕکەی بوو.

پەیژەیەک کە ئەوین, هەڵدەچوو پیی‌دا تا بانی مەلەکوت

من ژنێکم دی, نوری لە هاونگدا دەکوتا

نیوەڕۆ نان لە سەر سفرە, سەوزە دەوری شەونم بوو

دەفری سووتێنەری سۆز بوو.

دەریوزەکەرێکم دی , ماڵبەماڵ بۆ ئاوازی سورەقانکَ دەگەرا

سپووریک, سوژدەی دەبردە بەر تویکوڵی کاڵەک

بەرخێکم دی, بادبادۆکەی دەخوارد

کەرێکم دی , یۆنجەی فام دەکرد

لە لەوەرگەی ” ئامۆژگاریی‘‘دا چێڵیکم دی شین

شاعیرێکم دی, کاتێ لەگەڵ گوڵی سوسەن دەدوا پیی‌دەگوت ” ئێوەی بەرێز‘‘

پەرتوکێکم دی, ووشەکانی هەموو جینسی بلور,

کاغەزێکم دی , جینسی بەهار .

موزەیەک دوور لە شینایی

مزگەتێک دوور لە ئاو

سەر سەرینی زانایەکی بێ هیوا, کوپەیەک پڕی پرسیار

ئیستریکم دی بارەکەی "داهێنان" بوو

حوشتریکم دی بارەکەی خاڵی لە "پەند"

عارفێکم دی بارەکەی تەنتا ناهو"

قەتاریکم دی , رووناکیی دەبرد

قەتاریک , بارەکەی شەریعەت بوو چ قورس رادەبرا.

قەتاریک هەڵگری سیاسەت ( چ بەتاڵ تێدەپەڕی )

قەتاریک, تۆوی نیلوفەرو ئاوازی قەناری پێ بوو.

فرۆکەیەک لە بەرزایی هەزاران هەنگاو

پۆپەی پەپوسڵیمانە و خاک, لە شووشەیەوە,

خالی پەڕی پەروانە,دیار بوو

وینەی قورواقێ لەگۆلی ئاودا

رابردنی میشێک لە کۆڵانی تەنیایی.

تکای روونی مەلوچەک, کاتێ لەبەرزایی چناریکەوە

دەفریتە سەر سینگی زەوی

پێگەیشتوویی خۆر

ژوانی ڕندی بووکەڵە و بەیان.

پلیکانگەلێ بەرەو گوڵخانەی هەوەس

پلیکانگەلێ بەرەو ژێر زەوینی ئەلکۆل

پلیکانگەلێ کە بەرەو قانوونی نەمانی گوڵی سور دەکشێ,

فامکردنی رازی ژین

پەیژە بەرەو بانی ئیشراق

پەیژەگەلێ بەرەو سەکۆی زینەت

دایکم لەو خوارە

ئیستیکانی لە یادی روباردا دەشوشت

شار بەدیارەوە بوو

سەرهەڵدانی دووخی سمیت و ئاسن و بەرد

میچی بێ کۆتری سەتان ئوتوبوس

گوڵفرۆشێک کە گوڵی هەراج دەکرد

لەنیوان دوو داری گوڵی یاس دا شاعیریک جۆلانەی هەڵبەست

زارویەک ناوکە قەیسیی لە بەرماڵیبیرەنگی باوی‌دا هێق دەکرد

بزنێک لە نەخشەی جوغرافی "خەزەر" ئاوی وە دەخوارد

تانی جلێ دیار بوو : سینەبەندیکی نائارام

کەللە تۆپی گاری‌یەک, بەپەروش بۆ شەکەتیی یابووەکەی

یابوش لەخەمی خەوتنی گاریچی‌دا

ئەویش لە حەسرەتی هاتنی مەرگ

جێژن دیار و شەپۆل دیاری

بەفر دیاری و دوستێ دیار

ووشە دیار بوو

ئاو دیار و وینەی تشت لە ئاودا

بەرنسیی فێنکی خرۆکە لە گەرمای خوێندا

بەری نمداری ژین

رۆژهەلاتی بەخەمی دەروونی بەشەری

وەرزی بەرهەڵدایی لە کۆڵانی ژندا

بۆنی تەنیایی لە کوڵانی دابران

لە دەستی هاویندا باوەشێنێک دیار بوو

سەفەری دانە بۆ گوڵ

سەفەری لاولاو لەم ماڵەوە بو ئەو ماڵ

سەفەری مانگ بەرەو گۆل

هەڵچوونی گوڵی حەسرەت لە خاک

شور بوونەوەی توولە مێو لە بەرزایی دیوار

بارشی شەونم لەسەر پردی خەو

بازدانی شادی لە خەندەکی مەرگ

تێپەڕینی روداو لە پشتی ووتەوە

شەڕی کلاورۆچنە و تکای نور

شەڕی پێپلیکان لەگەل لنگی درێژی خورەتاو

شەڕی تەنیایی دەگەل دەنگ.

شەڕی ڕندی هەرمێ و بۆشایی قەرتاڵە.

شەڕی خویناویی دان و هەنار.

شەڕی نازی و لقی گوڵی ناز.

شەڕی توتی و پاراویی ووتە.

شەڕی هەنی و ساردیی سۆز.

هێرشی کاشیی مزگەوت بۆ سوژدە

هێرشی با بۆ هەڵچوونی توقلەی سابون

هێرشی لەشکری پەروانە بە بەرنامەی " وەلانانی پەتا‘‘

هێرشی گرۆی پووشکە بە قوونە بۆ ریزی کارگەری لولە کیشان

هێرشی هەنگی قەڵەمی قامیش بە پیتی مسین.

هێرشی ووتە بە پووکی شاعیر.

داگیر کردنی سەدەیەک بەدەستی شێعریک

دەست بەسەرداگرتنی باخێک بە دەستی یەک سێرو

گرتنی کولانێ بە دەستی دوو سڵاو

گرتنی شار بە دەستی سێ چوار ئەسپ سواری چێوین

گرتنی جەژن بە دەستی دوو بووکەڵە, یەک تۆپ

کوشتنی جغجغەیەک لەسەر دۆشەکی پاش نیوەرۆ

کوشتنی چیرۆکێ لە کولانی خەو

کوشتنی خەم بە فەرمانی سرود

کوشتنی مانگە شەو بە دەستوری نئون

کوشتنی دارە بییەک بە دەستی گوڵی سور

هەموو رومای زەوی پەیدا بوو

نەزم بە کۆڵانی یونانندا تیدەپەڕێ

کوندە بوو لە ”باغ معلق‘‘ دا دەیخوێند

گژەبا  لە زینویی خەیبەرەوە سوالّەیەک گژو گیای مێژووی

بەرەو رۆژهەڵات راودەنا

لەسەر دەریاچەی ئارام " نگین '' گەمیە گوڵی  پیٚ بوو دەیبرد

لەبنارەس لە سەر ی هەر کوڵانێک چرایەک ئەبەدی رۆشن بوو

خەڵکانم دی

شارانم دی

دەشت و کێوانم دی

ئاوم دی, خاکم دی, نورو تاریکیم دی

ڕوەکم لە نووردا و گیام لە تاریکیدا دی,

جانەوەرم لە نووردا و لە تاریکیدا دی,

خەڵکی کاشانم بەلام

شاری من کاشان نییە

شاری من بزر بووە.

من بە گوڕ, بە تاو

ماڵێکم لەو بەری شەو بنیات ناوە

لەویٚ من نزیک بە نمی بی ناوودەنگی رووەکم

لەویٚ من دەنگی پشووی باخچە دەبیسم

دەنگی تاریکیی, کاتیٚ گەڵایەک دەوەریٚ

دەنگی کۆکەی روناکیی لە پشتی درەختێک

پژمینی ئاو لە درزی هەر بەردیک,

چکچکەی پەڕەسێلکە لە میچی بەهار

دەنگی ڕێکی, گاڵەدان و کردنەوەیپەنجەرەی تەنیایی

دەنگی پاقژی توێژهاویژتنی نەروونی ئەوین,

پەستاوتنی شۆقی فڕین لەباڵدا

درزتێبوونی خۆپاراستنی روح.

من دەنگی هەنگاوی تکام گوێ لێیەو

دەنگی , پێی قانوونی خوێن لە ڕەگدا,

ترپەی سەحەری کونەکوتران,

ترپەی دڵی شەوی هەینی,

ڕەوتی گوڵی مێخەک لە خەیاڵ دا

حیلەی پاقژی راستیی دوراودوور

من دەنگی وەرینی مینۆک دەبیسم

خشپەی پیڵاویئیمان لە کوچەی حەزدا

دەنگی باران لەسەر پیلوی تەڕی ئەوین

لەسەر موسیقای بە خەمی فامکردن

لە سەر دەنگی هەنارستان و

دەنگی تیکرمانی شووشەی شادی لە شەو دا

لەت و کوت بوونی کاغەزی جوانیی

کەیل و خاڵی بوونی دەفری تەنیایی لە با

له ده‌سپێکی زه‌وی ئاگامه

ترپه‌ی ره‌گی گوڵ ده‌بژێرم

شاره‌زای سه‌ربهوردی ته‌ڕیی ئاو, عاده‌تی سه‌وزی دره‌ختم

روحی من ده‌روا به شێوی تازه‌ی تشت دا

روحی من که‌م ته‌مه‌نه

روحی من واهه‌یه له‌به‌ر شوق ده‌کوکێ

روحی من بێکاره :

دلوپی باران و قه‌ڵه‌شتی خشتان ده‌بژێرێ

روحی من واهه‌یه وه‌ک به‌رد له سه‌ر رێیه خویا بێ

من دوو دار به‌ڕووی نه‌یارم نه‌دیوه هه‌رگیز.

نه‌مدیوه شۆڕه بیی‌یه‌ک سێبه‌ره‌که‌ی بفروشێ به ئه‌رد

ناروه‌ن لکی خوی پیشکه‌شی قالاوده‌کا

شۆقی من نیشه بزیوه بو گه‌ڵایه‌ک له هه‌ر جییه‌ک بێ

شوشتومی بنچکی خاشخاش له ره‌وتی بووندا.

وه‌کو باڵی حه‌شه‌ره وه‌زنی سه‌حه‌رم لێ خوویایه

وه‌کو گوڵدان گوێ ده‌ده‌مه مووسیقای رووان.

وه‌کو قه‌ڕتاله‌ی پڕی میوه تای توندی گه‌یشتنمه.

وه‌کو مه‌یخانه‌نه‌یه‌ک له تخووبی که‌ساله‌ت دام.

وه‌کو ده‌زگایه‌ک له لێواری ده‌ریا نیگه‌رانی ڕاکشانی به‌رزی هه‌ورم

تا بخوازی خۆر, تا بخوازی په‌یوه‌ند , تا بخوازی زیاد کردن

دڵخۆش بە بوونی یەک سێوم و

هەڵمژینی بونی بابوونەیەک.

رازیم بە جامێک و بیخەوش پەیوەندێ

پێناکەنم ئەز ئەکەر پزدان دەتەقێ

پێناکەنم بەو فەلسەفەیەی مانگ دەکاتە دوو لەت

من دەنگی پەڕی هەوێردەم لێ خوویایەو

رەنگی سکی هوبرە وجیی پیی بزنەکیویش

شوێنی ڕێواس دەزانم کە لە کوییە

سێرو کەی دێ , کاتی خویندنی کەو, دەمی مردنی باز

مانگ لە خەوی بیاباندا چییە,مەرگ لە قەدی رجادا و

تووترکی خۆشیی لە بنی دانی ژواندا.

ژین دڵگرە دابێکە

بەربڵاوە پەڕوباڵی ژین وەکو مەرگ

هەڵفرینێکی هەیە ئەندازەی عیشق

ژین نییە ئەو تشتە, لە لێواری رەفی عادەت دا بروا

لە بیری من و تو

ژین جەزمەی دەستە لە بۆ میوەڕنینان

ژین نوبەرەی هەنجیری رەشە, بو دەمی تفتیهاوین

ژین , بارستایی درەختە لە بەر چاوی حەشەرە

ژین ئەزموونی چەکچەکییە لە تاریکییدا

ژین هەستێکی غەریبە لە لەشی کوچەرەمەلدا

ژین هاواری قەتارە کە بسوڕێ لە خەوی پردێکدا

ژین دیتنی باخچەیە پشتی شووشەی گاڵەدراوی فرۆکە

دەنگوباسی چوونی مووشەک بو هەوا,

ریخشانی تەنیایی "مانکَ‘‘

بیری هەڵمژینی گوڵە لە ستێرکێکی تر

ژین شوشتنی دەوریییەکە

ژین دوزینەوەی پەناباتە لە جۆباری شەقامدا

ژین چەند قاتی ئاوێنەیە

ژین گوڵە بە قووەی ئەبەدییەت

ژین لێدانی زەوییەیە لە لێدانی دڵاندا

ژین ئەندازەی ساکارو یەکسانی نەفەسە

من لە هەر جێیەک هەم وبم

ئەزمان هی منە, پەنجەرە, بیر ,هەوا, ئەوین و زەوی هی منن

بۆ گرینگن ئەگەر

جاروبار هەڵبتوقن

قارچکی تەنیایی؟

نازانم

بۆ دەڵێن :هەسپ رەسەنە و

کوتر جوانە

بۆ لە ڕکەی کەس دا دالّاش نییە

گوڵە شەودیر چی کەمترە لە هەڵاڵەی سور.

چاوگەلو پاقژ کەنٚ جوریتر بروانن

وشە پاکەوە کەن

وشە با خۆی با و باران بێ

چەتر وەلا نێن

بچنە ژێر باران بیر و یاد بەرنە ژێر باران

لە ژێر باراندا بۆ دۆست بگەڕێن

لە ژێر باراندا لەگەڵ ژن بخەون

یاریی لەژێر باراندا بکەنٚ

نوسین لە ژێر باران دا ,بئاخافن و نیلوفەر داچێنٚ

ژین تەربوونی یەک لە دوای یەکە

ژین خۆ تێهەڵکیشانە لە گۆلی" ئیستا" دا

خۆمان رووتکەینەوە

ئاو هەنگاوێک لەولا ترە

ڕوناکایی بچێژین

شەوی گوندێک هەڵسەنگێنین , خەوی ئاسکیک.

گەرمای لانی لەکلەک فام کەین

قانونی چیمەن پیشیل نەکەین

له باخی رەزدا گریی چەژتن بکەینەوە.

زارمان بکەینەوە کاتی مانگ هەڵدێ.

با نەڵیین شەو تشتیکی خراپە.

با نەلیین شەوتوانای نییە باخ ببینێ

با سەبەتان بینین

رایدەین ئەو هەموو سوورە ئەو هەموو کەسکە.

بەیانان نان و پەنیرێک بخوین

لە سوچی هەر پێچی کەلامێکدا نەمامێک بچەقێنین

لە نێوان دوو کەرتدا تۆوی بێدەنگیی برشێنین

کە کتێبێک بای لێوە نەیە نەیخوێنین و

کتێبیک کە تێیدا تویکڵی شەونمی تەری تیدا نەبێ

کتیبێک کە تێیدا خرۆکە بێ بارستایین

نامانەوی مێش لە تلی سروشت وەلا کەوێ

نامانەوی بەور لە دەرگەی خیلقەت دەرکەوێ

گەر کرم نەبوایە تشتێکیکەم دینا ژین

گەر شادی نەبوایە زیان دەدرا لە قانوونی درەخت

گەر مەرگ نەبایە دەستی ئێمە دەگەرا بۆ شتێ تر

بزانین ئەگەر نوور نەبوایە مەنتیقی زیندوی فڕین گۆڕا بوو

بزانین بەری مەرجان , بوشایی یەک هەبوو لە بیرۆکەی دەریادا

با نپرسین له کوێین

با گوڵی ئەتڵەسیی تازەی بیمارستان بۆ کەین

با نەپرسین کە کوفارەی شانس لە کوێیە

با نەپرسین چ سروەیەک وچ شەویکیان هەبووە  باپیران

پاش نەمان زیندوو نیە عەزمان

مەل کرە

بای نایە

پشتی سەر, پەنجەرەی سەوزی سەنووبەر گاڵە دراوە

پشتی سەر,  فرفرەکان گشت غەرقی تۆزن

پشتی سەر, شەکەتیی مێژووە

پشتی سەر,  یادی مەوج درژێنێتە روخی دەریا, قاپێلکەی ساردی بێدەنگیی

بڕوینە قەراخ دەریا,

تور دە ئاوێ باوێین و

تازەیی و تورتی لە ئاو بستێنین

سندەگڵێک لەسەر ئەم زەویە هەڵبگرین

قورسایی بوون هەست پێبکەین

با نەدەین دژوینی مانگە شەوئەگەر تا مانە

دیتوومە جاروبار لە تادا , مانگ دادەکشێ,

دەست دەگاتە میچی مەلەکوت

دیتوومە , سەهرە باشتر دەخوینی

جاری وا لاقم بە برین بووە

بەرزونزمیی زەویی بەمن ناساندووە

وابوە کاتی نەخۆشیم لە جیدا , بارستایی گوڵ بووەتە چەند قات

ئەستورایی نارنج و تیشکی فانوس فرەتر بووە )

با لەمەرگ نەترسین

مەرگ کۆتایی کۆتر نییە

مەرگ پێچەوانەی سیسرە نییە

مەرگ لە زەینی ئەقاقیدا لەگەڕ دایە

مەرگ لە ئاووهەوای خۆشیی بیرۆکەدا جێگیرە

مەرگ لە ناخی شەوی گونددا لە بەیان دەدوێ

مەرگ بە هێشووی هەنگورەوە بەرەو زار دێ

مەرگ لە حەنجەرەی سوری گەرو دا دەخوێنێ

مەرگ بەرپرسی جوانیی پەڕی پەروانەیە

مەرگ وا هەیە ریحانە دەچێنێ

مەرگ واهەیە ودکا لێدا

جای وایە لە نسێدا رۆنیشتووە و لێن دەروانی.

هەموو دەزانین

سیەکانی خۆشیی پڕ لە ئوکسیژنی مەرگە )

دەرکە با گاڵە نەدەین لە ووتەی زیندوی قەدەر کە لە پشتی چەپەری دەنگان دەیبیسی

پەردە وەلا نێینن:

لێگەرێین هەست هەوایەک لێیدا

لێگەرێین پێگەیشتوویی لە ژێر هەر بنچکێ خۆی بیەوێ لیی رازێ

لیگەرێین خووخدە بەرەو یاریی بچێ

پێلاو لە پێی کا و بە دوای هەموو وەرزان بەسەر گوڵدا بازدا

لێگەرێین تەنیایی قام بڵی

با بنووسێ

لە شەقامدا بگەڕێ

سادەبین

سادە بین چ لە کۆخی بانکدا چ لەژێر دار و درەخت

ناسینی "سوری,, سوور گوڵ نە کاری ئێمەیە.

رەنگە کارمان ئەوە بێ

لە سیحری گوڵی سوردا مەلە بکەین

اردوگامان پشتی زانایی بێ

دەست لە جەزمەی گەڵادا بشۆین و بەرەو سفرە بچین

کاتێ ڕۆژ هەلدی بەیانان لە دایک بین

هەژان هەڵفرینین

نم بەسەر فامی فەزا, رەنگ, دەنگ, پەنجەرە گوڵ دابکشین

عەزمان لە نیو دوو کەرتی هەبووندا جێگیر کەین

سیەکانمان لە هەربوون پڕ و خاڵی کەین

باری زانست لە سەر شانی پەرەسێلکە وەلانێین

ناو لە هەور وەرگرینەوە

لە چنار, تەپۆ, هاوین.

بە پێی تەڕیی باران بەرەو بەرزایی سوز بڕۆین

دەرگە بەرەوروی رووەک و نور و مروف و حەشەرە والا کەین

کاری مە رەنگە ئەوە بێ

بە نێوان گولی لاولاو و سەدەدا

بە شوێن دەنگی راستیی‌دا ڕاکەین

**43** کاشان گوندی چنار هاوینی

وەرگیر: حەسەن ئەییوبزادە **20.10.2002** هولەند